

# رۆژ سارد دەكات

## هەڵبژاردەیەك لە شیعری

## ئێدیس سۆدێرگران Edith Södergran

## 1923 - 1892

و/ لە سوێدییەوە

**دلاوەر قەرەداغی**

كە ساڵی 1916 یەكەمین كۆمەڵە شیعری ئێدیس سۆدێرگران، ژنە شاعیری فینلەندایی سوێدیی، بەناوی ( شیعرەكان Dikter ) چاپ بوو، هەرایەكی گەورەی لەناوەندی ئەدەبیی سوێددا نایەوە.

هەنووكە دوای تێپەڕینی زیاتر لە هەشتا ساڵ بەسەر مردنیدا، زایەڵەی شیعرەكانی، لە شەوانی هاوینی ( كارێلێن ) ی ژێر تریفەی ئەستێراندا، وەك نەغمەی هارمۆنیسكی پیانۆ دەنگدەدەنەوەو نوێتر خۆیان دەخەنە روو.

له پێشەکی کۆمەڵەی شیعری ( چەنگی سێپتێمبەر Septemberlyran) دا کە ساڵی 1918 چاپی کردووە، نووسیویەتی:" بە ڕەوای نازانم خۆم گچکەتر لەوە پیشاندەم کە هەم."

کۆمەڵە شیعری ( چەنگی سیپتێمبەر) ، کە هەم لەرووی توانای شیعریی و قووڵایی کەونیی شیعرەکانەوە، هەنگاوێکی نوێتری سۆدێرگران بوون، ڕووبەڕووی گومان و مقۆمقۆی رەخنەگران بۆوە.

سۆدێرگران لەوەڵامی ئەو گومانانەدا نووسی:" ئەو کتێبە بۆ خەڵك نەنووسراوە، هەروا بۆ ناوەندە رووناکبیرییە باڵاکانیش نییە، بەڵکو بۆ ئەو خودە تاك و تەرایانەیە کەلەبەردەم مەرزی ئایندەدا راوەستاون."

لەراستیدا سۆدێرگران رووبەرێکی گەورەی لە ئەدەبیاتی نوێی سوێدیی داگیرکردووەو هەر خۆیشی یەکێکە لە پێشەنگە دیارەکانی ئەو نوێگەرییە.

تا ساڵی 1907 و مردنی باوکی بە نەخۆشی سیل، سۆدێرگران منداڵییەکی ئارامی گوزەراندبوو، بەڵام پاش ئەوە ژیانی خۆی و دایکی رووی لە خەراپیی کرد. جگە لەوەی کە دوای مردنی باوکی، ئەمیش بە هەمان نەخۆشییەکەی وییەوە گیرۆدە بوو، لە رووی ژیان و شوێنی نیشتەجێ بوونیشەوە، رۆژ بە رۆژ گوزەرانیان ناهەموارتر دەبوو.

سۆدێرگران  بە ئەڵمانیی و رووسی و فەرەنسی و هەڵبەت بە سوێدییش، کەزوبانی دایکیی بووە، شیعری گوتووە.

## هەڵبژاردەیەك لە شیعری سۆدێرگران

# Vigre moderne

**مـن ژنێك نیم، مـن بێ لایەنم**
**مـن مـناڵێکم، مـن غولامـێکم، مـن بڕیارێکی ئازایانەم**
**مـن تاڵە تیشکێکم دەم بەپێکەنین لە سوورایی تۆخی خۆرێك**
**مـن تۆڕێکم بۆ هەمـوو مـاسییە چاوچنۆکەکان**
**مـن پێکێکم لەشانازیی هەمـوو ژنان**
***مـن هەنگاوێکم بەرەو رێکەوت و وێرانیی***
***مـن قەڵەمـبازێکم لە ئازادییدا، قەڵەمـبازێکم لەخۆدا***
***مـن چپەچپی خوێنم لەگوێی پیاودا***
***مـن هەڵلەرزینی رۆحم و جەستەی تامـەزرۆییم و***
***رەتکردنەوەم***
***مـن تابلۆی چوونە ژوورەوەم بۆ بەهەشتێکی تازە***
**مـن کڵپەیەکم، پەیجۆرو بزێو**
**مـن ئاوێکم، قووڵ بەڵام سەرکێش بۆ سەرەوە تاسـەر ئەژنۆ**
**مـن ئاگرو ئاوم لە هاواهەنگیی دڵسۆزانەی،**
**هەلومـەرجی ئازادانەدا.**

*

# ڕۆژ سارد دەکات
# Dagen svalnar

## 1

ڕۆژ بەرەو ئێوارە سارد دەکات
گەرمایی لە لەپی دەستەکانمدا بخۆرەوە
دەستەکانم خوێنی بەهاریان پێدا دێت و دەچێ
باسکم بگرە، باسکە سپییەکانم بگرە
شانە لاوازەکانی تامەزرۆییم بگرە
شتێکی سەیر هەست پێ دەکەیت
کاتێ شەوێك،
تەنها شەوێك وەك ئەمشەو
سەرە قورسەکەت لەسەر سینگم
هەست پێ دەکەیت

# 2

تۆ گوڵە سوورەکەی ئەڤینی خۆت فڕێ دایە
کۆشە سپییەکەی منەوە
ئەو گوڵە سوورەی ئەڤینی تۆ
ئەو گوڵەی کە دەسبەجێ دەژاکێ،
بە دەستە گەرمەکانم دەگرم.
تۆ پادشایەکیت بە چاوانێکی ساردەوە
ئەو تاجەی کە بۆم رادەگریت،
لێت وەردەگرم
ئەو تاجەی کە لەسەر سەرم دەنەوێ
بەرەو دڵم

# 3

ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار خۆشەویستەکەم دەبینم
لەرزە لەرز، دەسبەجێ دەیناسمەوە
هەنووکە پێش وەخت، هەست بە دەستە قورسەکانی دەکەم
لەسەر باسکە سووکەڵەکەم
ئەدی کوا زرنگانەوەی پێکەنینە پاکیژەکەم
کوانێ ئازادییە سەرفرازە ژنانەکەم
هەنووکە پێش وەخت هەستی پێ دەکەم کاتێ توند توند

جەستە هەڵلەرزیوەکەم دەگریێ
هەنووکە لە خەونە ناسك ناسکەکانما
رەقترین دەنگدانەوەی واقیع دەژنەڤم.

**4**

تۆ بەدوای گوڵێکدا دەگەڕایت
میوەیەکت بەدەستەوە هات
تۆ بۆ کانییەك دەگەڕایت
زەریایەکت بەدەستەوە هات
تۆ بۆ ژنێك دەگەڕایت
رۆحێکت بەدەستەوە هات
تۆ نائومێدیت.

# ئەڤین

## Kärlek

رۆحی من جلکێکی شینی رووناك بوو لە رەنگی ئاسمان
ئەو جلکەم لەسەر گاشەبەردێك لەلای زەریاوە دانا
بە رووتیی هاتم بۆ لات و لە ژنێك دەچووم.
وەك ژنێك لەنزیك مێزەکەتەوە دانیشتم

پێکێك شەرابم خواردەوە و
بۆنی چەند گوڵێکم بۆ ناخم هەڵمژت
تۆ بینیت من جوانم و لەکەسێك دەچم
کە لەخەوندا بینیوتە،
من هەموو شتێکم بیرچۆوە، من منداڵیی خۆم و
وڵاتەکەی خۆم بیرچۆوە،
من تەنها دەمزانی کە نەوازشەکانت
دیلم دەکەن
بە زەردەخەنەوە ئاوێنەیەکت هەڵگرت و
داوات لێ کردم لەخۆم بنۆڕم.
بینیم کە شانەکانم لە غوبار دروست بوون و
ئیدی خۆی تێك وپێك دایەوە
بینیم کە شۆخ و شەنگییم نەخۆشە و
جگە لە دیارنەمان، چ چارەیەکی تر نابینێ.
ئۆه، توند توند بە باسکەکانتەوە بمگرە
هێند توند بمگرە
کە ئیدی پێویستم بە هیچ نەبێ

**بۆ ئیرۆس**

**Till Eros**

ئیرۆس، تۆ له هەموو خواوەندەکان دڵ رەق تریت
ئەدی بۆچیی بۆ ئەم وڵاتە تاریکەت هەناردم؟
کاتێ کچە منداڵەکان گەورە دەبن
لە رووناکیی بێ بەریی دەبن و
لە ژوورێکی تاریکدا فڕێ دەدرێن
چما ئیدی رۆحم وەك ئەستێرەیەکی بەختەوەر ناشنێتەوە
بەرلەوەی بەرەو بازنە سوورەکەی تۆ راکێشرێت؟
بنۆڕە، من بە دەست و پێوە رایەڵم
هەست بکە، من بە هەست و بیرمەوە شەتەکم.
ئیرۆس، تۆ له هەموو خواوەندەکان دڵ رەق تریت
من نارۆم، من چاوەڕێ ناکەم
من تەنها وەك ئاژەڵێك ئازار دەچێژم

# گوڵەکە

# Rosen

من جوانم، چونکە من لە باخچە خۆشەویستەکەمدا
گەورە بووم
لەژێر بارانی بەهاردا راوەستاوم و
تەنیایی دەخۆمەوە

لەبەر هەتاودا راوەستاوم و پشکۆ دەخۆمەوە
هەنووکە من بە کراوەیی راوەستاوم و
چاوەڕێم.

## پەی بردن

## Upptäckt

ئەڤینی تۆ ئەستێرەکەت تاریك دادێنێ
مانگ لەژیانی مندا هەڵدێ
دەستم لەنێو دەستتدا نییە
دەستی تۆ ئارەزووە
دەستی منیش پەرۆشییە

**1916**

سەرچاوە:

**Kvinnors dikt om kärlek**
**En antologi av Elisabet Hermodsson**